# خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بۆ مافی ئافرەتان لە ئیسلام



د.مەلا مادیح مەلا محەمەد برزیویی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دەڵێن ئافرەتێك لە شووشەی پەنجەرەکەیان سەیری ماڵی جیرانەکەی دەکردو ڕەخنەی دەگرت لە تۆزاویبوون و ناخاوێنیی ماڵە دراوسێیەکەیان، تا مێردەکەی هاتەوە، بە پەڕوکێك شووشەی پەنجەرەکەی ماڵی خۆی خاوێن کردەوە، ئەوجا ئافرەتەکە دیتی کە ماڵی دراوسێیان زۆر جوان و خاوێنە و هیچ کەم وکوڕی نییە!

ئێمە زۆر جار بڕیاری بەپەلە دەدەین، یان بێ لێکۆڵینەوە بڕوا بە هەواڵەکان دەکەین، بەڵام لە پاشان بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵە بووین.

ساڵانە زۆر کۆڕ وسیمینار دەبەسترێن و زۆر قسە و باس و لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدرێن دەربارەی مافی ئافرەت، زۆربەشیان وا نیشان دەدەن کە ئیسلام بەرپرسە لە نەهامەتییەکانی ئافرەتان و کەمتر وایە کە شارەزایانی ئیسلام بانگهێشت بکرێن بۆ ئەم کۆبوونەوانە بۆ ئەوەی سوود لە شارەزایی ئەوان وەربگرن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتانەی کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەیە، وە هەر هەمان ئەو شتانە دووبارە دەکرێنەوە کە ناشارەزایان لە بواری ئایینی وتوویانە لە نووسەرە ڕۆژهەڵاتناسەکان و خۆمانییەکان، کە وا سەیری ئایینی ئیسلام کراوە گوایە پێشێلکاری یەکەمی مافی ئافرەتانە! بەڵام کاتێك دەگەڕێینەوە سەر دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئیسلام چەند پایە و قەدری ئافرەتی بەرز ڕاگرتووە و چۆن مافەکانی دابین کردوون وپاراستوونیەتی.

لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: [ مَنْ عَملَ صَالحًا منْ ذَكَر أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ النحل [٩٧] ـ واتا: ئەوەی کارو کردەوەی چاکەی کردبێت، (پیاو بێت، یان ئافرەت) لە کاتێکدا بڕوادار بێت، ئەوا ژیانێکی ئاسوودە و خۆشیان لە دنیادا دەبێت، لە قیامەتیشدا پاداشتیان بە جوانتر دەدەینەوە، لەوەی ئەوان دەیانکرد. (لێرەدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان پیاو و ژن نەکراوە.)

هەروەها خودای دلۆڤان فەرموویەتی: [هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ] البقره ١٨٧

واتا: ئەی پیاوەکان هاوسەرەکانتان پۆشاکن بۆ ئێوە وە ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان .

ئەمە لوتکەی ڕەوانبێژی و هونەرە کە ژن و پیاوی بۆ یەکتر وەکو پۆشاك نیشان داوە، کە پۆشاك مرۆڤ جوان دەکات و کەم و کوڕی دەپۆشیت، لە سەرماو گەرما و ناخۆشیش دەیپارێزێت.

جا ئیسلام وا دەڕوانێتە پێوەندی نێوان ژنان و پیاوان کە پێوەندییەکی تەواوکارییە، نەك کێبڕکێ و یەکتر بەزاندن.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە هەمیشە چەند خاڵێك هەیە دووبارە دەکرێنەوە، بە بێ ئەوەی بە وردی و بابەتییانە سەیر بکرێن، بۆ نمونە:

١ـ هەمیشە باسی میراتی ئافرەت دەکرێت و وا حاڵی کراون کە میراتی ژنان لە هەموو حاڵەتێك نیوەی میراتی پیاوانە، وە ئەم بەشە ئایەتە پیرۆزەیان لە بەر

کردووە: [لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ] کەچی لە راستیدا ئەمە دەربارەی خوشك و برایانە، نەك تێکرای پیاو و ئافرەت. ڕاستییەك هەیە کە کەم کەس دەیزانێ، ئەویش ئەوەیە کە لە شەریعەتی ئیسلام تەنیا لە چوار جێگا پیاو دوو ئەوەندەی میراتی ئافرەتی هەیە، بەڵام لە زیاتر لە سی حاڵەتدا ئافرەت بە قەد میراتی پیاوان میراتی بەردەکەوێ، بەڵکو هەندێك جار لە پیاوانیش زیاتر میرات دەبات، هەندێك جاریش تەنیا خۆی میرات دەبات و پیاو هیچ نابات!

بۆ نموونە: دایك و باوکی مردوو هەر یەکەی شەشیەکی میراتیان بەردەکەوێ، و جیاوازی نێوانیان نەکراوە لە سەر بنەمای نێر ومێ.

هەروەها ئەگەر کەسێکی مردوو کچ و دایك باوکی لە دوامان، ئەوا کچەکە نیوەی میراتەکەی بەر دەکەوێت، با منداڵێکی ساوای سەر بێشکەش بێت، کە زیاترە لە بەشی باوکی مردووەکە کە خۆی سەرچاوەی سەروەت و سامانی کوڕە مردووەکەی بووە!

واتا ئیسلام میرات لەسەر بنەمای نێر ومێ دابەش ناکات، بەڵکو بنەمای تر هەن کە لە بەر چاو گیراون. ئایەتی[لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ] لە پێشیدا هاتووە: [يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ]، واتا : باسی منداڵەکانی مردووەکە دەکات کە خوشك و بران، لە دواییدا کوڕەکە ژن دێنێ و حەقی مارەبڕینی پێ دەدات، نەفەقەی هاوسەرەکەشی دەکەوێتە ئەستۆ، کچەکەش شوو دەکات و حەقی مارەییەکەی لە هاوسەرەکەی وەردەگرێت و نەفەقەکەشی دەکەوێتە سەر هاوسەرەکەی وماڵەکەی بۆ خۆی دەمێنێتەوە.

دەبێ ئەمە بزانین کە یەکسانی لە هەموو حاڵەتێکدا دادپەروەری نییە. واتا دەبێ ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە کە میراتی ژنان نیوەی میراتی پیاوانە لە هەموو کاتێك، بەڵکو ئەمە تەنیا لە چوار حاڵەتە بەرامبەر بە زیاتر لە سی حاڵەت کە ئافرەت بەقەد پیاو میرات وەردەگرێ، بەڵکو هەندێك جار زیاتریش لە پیاو وەردەگرێت.

٢. هەروەها لەو بابەتانەی کە زۆر باسیان لێ دەکرێ بابەتی شاهیدیی ئافرەتانە، کە بە دوو ئافرەت بە یەك پیاو دەژمێردرێت. ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، ئەویش لە هەموو حاڵەتێك نییە، بەڵکو ئەم بابەتە لە بواری شاهیدیدان بۆ قەرزوەرگرتن و دیارکردنی ئەندازە و کات و شوێنی دانەوەی قەرزەکەیە، واتا پەیوەستە بە کاروباری ئابووری و ژمێرباری، کە ئەم بوارە زیاتر لە پسپۆڕی پیاوانە، نەك ژنان بەتایبەت لە سەردەمانی پێشوو، بۆیە دوو ئافرەت بە یەکەوە دەکرێنە شاهید بۆ ئەوەی یەکتر بیر بخەنەوە، ئەگەر یەکێك لە بیری بچێت. خودای دلۆڤان دەفەرموێ: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنْتُمْ بِدَيْنٍ إِلَى أَجَلٍ مُسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى....] البقره [٢٨٢]

ئەم ئایەتە پیرۆزە باسی قەرزوەرگرتنە و نووسینەتی هەروەك باسمان کرد، واتا مەسەلەکە ئەوە نییە کە لە هەموو حاڵەتێك دەبێ دوو ئافرەت حازر ببن بۆ شاهێدی تا بە یەك پیاو هەژمار بکرێن، بەڵکو جاری وا هەیە ئافرەت بە بێ هەبوونی هیچ پیاوێك بە شاهید قەبووڵ دەکرێ، وەك شاهێدی منداڵبوون، و شیرخواردنی منداڵان و ئەو ڕووداوانەی لە شوێنی تایبەت بەئافرەتان ڕوو دەدەن، وەك گەرماوی ئافرەتان، ئەگەر ڕووداوێك لەوێ ڕووی دا، شاهیدی پیاو لەکوێ بێنین؟ جاری وا هەیە کە دوو پیاویش بە شاهێد قەبووڵ ناکرێن، بەڵکو دەبێ چوار پیاو بە یەکەوە بن، تا شاهێدیان لێ وەربگیرێ، وەك بابەتی سەلماندنی (زینا)، جا لێرە کەس نەیگوتووە ئەمە کەمکردنەوەیە بۆ پلەی پیاوان. کە سێ پیاو لێرە بە شاهید قەبووڵ نین. واتا: شاهێدی لە ئیسلام بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانە، بۆ ئەوەی کەس مافی نەخورێت و کێ پسپۆڕە لەو بوارەی کە کێشەی لە سەرە، ئەو دەبێتە شاهید و هیچ پێوەندی بە کەمکردنەوەی ئاستی مرۆڤایەتی ئافرەت نییە، چونکە ناگونجێ ئیسلام بە چاوێکی کەم سەیری ئافرەت بکات و لە هەمان کات فەرمایشتی پێغەمبەر(درودی خوای لە سەر بێت)ی لێ وەربگیرێت، کاتی کە بۆ خەڵکی ڕوایەت دەکات. زۆر فەرمایشتی سەروەرمان (درودی خوای لە سەر بێت) هەن کە یەکێك لە خێزانەکانی ڕوایەتیان کردووە، بەتایبەت حەزرەتی عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت).

هەروەها دەڵێین: ئایا ئافرەت چ زیانێکی پێ کەوتووە کە لە هەندێك بوار داوای دوو شاهێدی ئافرەت کراوە؟ ئایا شاهیدیدان دەستکەوت و قازانجە، یان ئەرکێکی قورسە؟ بێگومان ئەرکێکی زۆر قورسە کە زۆربەمان حەزمان لێی نییە، جا ئەگەر ئەم ئەرکە لە هەندێك بوار لەسەر ئافرەت سووك کرا، بۆ ئەوەی بە تەنیا هەڵی نەگرێ و هاوبەشێکی هەبێت بۆ سووککردنی ئەو بارە قورسە ئایا ئەمە چ زیانێك بە ئافرەت دەگەینێ کە ئەوەندە باس بکرێ؟!

*** ئەندامی ئەنجومەنی زانستی لە وەزارەتی ئەوقاف**

**پێغەمبەری نازدارمان (درودی خوای لە سەر بێت) لە ژیانی خۆی لەئافرەتی نەداوە، بەڵکو دەستی لە هیچ مرۆڤ و گیانلەبەرێک بەرز نەکردووەتەوە، تەنیا لە کاتی جەنگ و بەرگری نەبێت**

**ئیسلام وا دەروانێتە پێوەندی نێوان ژنان و پیاوان کە پێوەندییەکی تەواوکارییە، نەک کێبڕکێ و یەکتر بەزاندن**

**لە شەریعەتی ئیسلام تەنیا لە چوار جێگا پیاو دوو ئەوەندەی میراتی ئافرەتی هەیە، بەڵام لە زیاتر لە سی حاڵەتدا ئافرەت بە قەد میراتی پیاوان میراتی بەردەکەوێ، بەڵکو هەندێک جار لە پیاوانیش زیاتر میرات دەبات**

**ئەگەر کەسێکی مردوو کچ و دایک باوکی لە دوامان، ئەوا کچەکە نیوەی میراتەکەی بەر دەکەوێت، با منداڵێکی ساوای سەر بێشکەش بێت، کە زیاترە لە بەشی باوکی مردووەکە کە خۆی سەرچاوەی سەروەت و سامانی کوڕە مردووەکەی بووە**



# ئاینە ئاسمانیەکان پشتگیری لەمافەکانی ئافرەتان دەکەن

لەئێستادا ئەدەبیاتێکی چڕو پڕ هەیە دەربارەی جێندەرو سیاسەت و بزاڤێکی بەهێزی (فێمینیست)یش لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا بەدی دەکرێن، کە جەخت لەوە دەکەنەوە هەتا سیاسەت تەنیا لەلایەن پیاوانەوە هەڵبسوورێت، هەر بەرژەوەندییەکانی نێرینە ڕەچاو دەکرێت و گشت هاوکێشەکان لە ڕوانگەیەکی نێرینەوە ڕاڤەدەکرێت. ئەوان ڕایانوایە سەرەڕای خەباتێکی دوورودرێژی مێژوویی هێشتا دروشمی یەکسانیی ژن و پیاو و بانگەشەکانی یەکسانیخوازی تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهانیشدا نەچووەتە واری پراکتیک و ئافرەتان ڕێژەیەکی زۆر کەمیان لە بواری دروستکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار کراون. تەنانەت چالاکانی مافی مرۆڤ و یەکسانیخواز جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان و پێشێلکردنی مافەکانیان نەک بنبڕ نەبووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرز بووەتەوە. هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە جگە لە جەنگەکان کە قوربانییانی زۆری لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە، لە حاڵەتی ئاشتیشدا نەریت و کەلتووری زۆر کۆمەڵگە لە دژی مافەکانی ئافرەتە و دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان سەبارەت بە هەمان پرس ڕاوبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.



فردریك ئەنگلس گریمانەی ئەوەی کردووە کە سەرەتا کۆمەڵگەیەکی مێسالاری بوونی هەبووەو سیستمی دایکسالاری جێبەجێ کراوە، بەڵام دواتر کە کۆمەڵگە بووە بە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی، سیستمی باوکسالاری جێگەی گرتووەتەوەو لەو کاتەوە توندوتیژی دژی ئافرەتان پەرەی سەندووە. لەلایەکی دیکەوە بەڵگەکان لەسەر کۆمەڵگەی دایکسالاری کە تێیدا ئافرەت بەسەر پیاودا باڵادەست بووە، یان هەتا ئەگەر دەسەڵاتیشیان یەکسان بووبێت، نادیارن، بۆیە هیچ سەردەمێکی بێبەری لە توندوتیژی لە مێژوودا بەدی ناکەین.
فێمینیستەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کاتێك ژن دەگاتە دەسەڵات لە یاسای جیاواز لە سیستمی حوکمڕانیدا پیادە دەکرێت و جیهان بەرەو شێوازێکی نەرمتر وەردەچەرخێت و دەستدرێژکار کەمتر دەبێت و ڕێژەی ململانێ و توندوتیژیش کەم دەبێتەوە، زۆرێك لە یەکسانیخوازانی پیاویش داوای (دووبارە بەکۆمەڵایەتیکردنەوەی پیاو) دەکەن بۆ ئەوەی پیاویش هەندێك ئاکاری لە ئاکاری ژن بچێت، ئەمەش بەو مانایە لێکدەدەنەوە کە پیاو کەمتر توندوتیژ بێت، یان توندوتیژییەکەی بەرەو ئاستێکی سنووردار بچێت.
قەشە ئەنیس یەعقوب قەشەی مەسیحییەکانی شەقڵاوە سەبارەت بە یەکسانی ژن و پیاو لە ئاخافتنێکی تایبەدا بۆ گوڵان دەڵێت: «لە ئایینی مەسیحیدا ژنان لە ئەرك و مافدا شانبەشانی پیاوان یەکسانن، ئافرەت لە ماڵ و لە شوێنی کار مافی پارێزراوە و لەگەڵ پیاو هیچ جیاوازییەکی نییە، تەنانەت بەپێی دەقە ئایینییەکانیش ڕێزێکی زۆر لە ئافرەت گیراوە، هاوکات لە مەسەلەی میراتیش ژن و پیاو بەرامبەرن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەداخەوە لە پێکهاتنی حکومەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ڕەچاوی ئەو یەکسانییەی ئافرەت و پیاو نەکراوە، لە پەرلەمان ڕێژەی ٣٠٪ بۆ ئافرەت تەرخانکراوە کە ئەوەش مایەی قبووڵکردن نەبووە لای نوێنەرانمان لە پەرلەمان و تەنانەت دەنگیشیان بەو یاسایە نەدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە لە پەرلەمان کەمینەین، نەمانتوانی یاساکە بگۆڕین.»
مافناس دڵخواز عەبدوڵا سەرۆکی لێژنەی یاسا لە ئەنجومەنی کاروباری باڵای خانمان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «مافی ئافرەت وەکو هەموو مافەکانی کۆمەڵگە لە سەرجەم یاساکان دیاری کراوە، بەڵام زیاتر ئەوانەی کە تایبەتن بە ئافرەت بریتییە لە یاسای باری کەسێتی کە بۆ هەموو خێزانەو ئافرەتیش مافی تێدا پارێزراوە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە تەواوەتی مافی ئافرەتی پاراستووە، دیارە یاساکان خزمەت بە ژنان دەکەن، بەڵام بە تەنیا یاسا بەس نییە، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە دەبێت لە خەمی ئەوەدا بین چون یاساکان دێنە بواری جێبەجێکردن لەدادگاکان و ئەو بەربەستانە چین دێنە بەردەم ئەوەی کە یاساکان جێبەجێ نەکرێن.» گوتیشی: «ئێمە وەکو ئەنجومەنی کاروباری باڵای خانمان کار لەسەر ئەوە دەکەین و لەنێو ڕاپۆرتەکان ئەوە دیاری دەکەین، ئەو بەربەستانە و ئەو بۆشاییانەی کە لە نێو یاساکاندا هەیە لەجێبەجێکردندا دیاری بکەین و بەرزی بکەینەوە بۆ لایەنی پێوەندیدار بۆ ئەوەی ئەم بەربەستانە نەهێڵین لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و ئافرەتان بە شێوەیەکی ئاسانتر بتوانن داوای مافەکانی خۆیان بکەن، مافەکانیان وەکو پیاو پارێزراو بێت.»
ئەو مافناسە نموونەی بەوە هێناوە کە لەیاسای باری کەسێتی شاهیدی ژن و پیاو وەکو یەکە، کەچی لە هەندێك دادگاکان تاکو ئێستا ئەم جۆرە یاسایە جێبەجێ ناکرێت. گوتیشی: «چەندەها نموونەی وامان هەیە، بۆیە ئێمە کێشەمان لە یاساکان نییە، ئەوەندەی کێشەمان لە جێبەجێکردنی هەیە. ئێمە بەردەوام لەگەل دادوەرەکان کۆنتاکتمان هەیەو لەگەڵیان دادەنیشین و خولیان بۆ دەکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کێشەی جێبەجێکردنی یاساکان لەکوێە و دەبێت چی بکەین.»

مەیادە محەمەد نەجاڕ خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کارگێڕی کار و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «پرسی ئافرەتان پرسێکی گرنگەو دەبێت هەموومان کاری لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی پرسێکە پەیوەستە بەمافی مرۆڤەوەو ناکرێت تەنیا پەیوەست بکرێت بە چینێك و ناکرێت لەکاتی



قەشە ئەنیس یەعقوب :

**لە ئایینی مەسیحیدا ژنان لە ئەرک و مافدا شانبەشانی پیاوان یەکسانن**



تارا ئەسعەدی :

**مامۆستای ئایینی دەوری زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو لایەک دەبێت کار بۆ ئەوە بکەن کە لەنێوان ژن و کۆمەڵگە و ئایین و زانستدا ئاشتەوایی زیاتر هەبێت**





دڵخواز عەبدوڵا :

**لەیاسای باری کەسێتی شاهیدی ژن و پیاو وەکو یەکە، کەچی لە هەندێک دادگاکان تاکو ئێستا ئەم جۆرە یاسایە جێبەجێ ناکرێت**



مەیادە محەمەد :

**پێویستە هەماهەنگی زیاتر لەنێوان یەکێتی زانایانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبێت**

ئەنجامدانی وۆرکشۆپی تایبەت بەئافرەتاندا تەنیا ڕێکخراوەکانی تایبەت بەئافرەتان ئامادەبن، چونکە جیاکردنەوەی پرسی مافی ئافرەت لە پرسی مافی مرۆڤ زیان بە تێگەیشتن لە مافەکانی ئافرەتان دەدات، لەبەر ئەوە دەبێت هەنگاوەکان هەمەلایەنە بن، نەك پرسەکان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا کورت بکرێتەوە.» گوتیشی: «بێگومان گرنگیدان بەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە یەکێکە لە باشترین فاکتەرەکان بۆ چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان، ئەوەشی کە زۆر پێویستە بەبڕوای من دەبێت کاری لەسەر بکرێت و گرنگی پێبدرێت، ئەوەیە کە هەنگاوەکان بۆ پاراستنی ئافرەتان و چەسپاندنی مافەکانیان هەمەلایەن بن، بەتایبەت دەبێت کارەکان بەشێوەیەك بێت هەموو چین و توێژەکان بگرێتەوە، بۆ نموونە پێویستە کاتێك کە باس لە چەسپاندنی مافی ئافرەت، یان بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت دەکرێت، پێویستە هەولی دروستکردنی هەمەهانگی لەنێوان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان و گشت چین و توێژ و پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بێت. ئەوەی کە من پێمباشە وەك هەنگاوێك بەکاربێت لەم کاتەدا گرنگیدانی راگەیاندنەکانە بە پرسی ئافرەتان ئەگەر تەماشا بکەین ئەم رۆژنامەو گۆڤارانەی تایبەت بە ئافرەتان رۆڵێکی کارایان بینی لە بەرەوپێش بردنی پرسی ئافرەتاندا، بەتایبەت لەنێوان سالانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٠ زیاترین کار لەسەر پرسی ئافرەت لە راگەیاندنەکانەوە کرا و زۆرترین رۆژنامەی تایبەت بە ئافرەتان هەبوو، بەلام ئەمرۆ بەداخەوە هەست دەکرێت گرنگییەکی ئەوتۆ بەپرسی ئافرەتان نادرێت. بۆ نموونە ئەوەندەی من ئاگادار بم تەنیا یەك هەفتەنامەی تایبەت بە ئافرەتان ماوە، یەك گۆڤاری وەزرشی تایبەت بە ئافرەتان هەیە، من داوادەکەم کە گرنگی زیاتر بە راگەیاندنی تایبەتمەند بدرێت کە پەیوەستن بە ئافرەتانەوەو پێویستە هەوڵبدرێت لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا لاپەڕەی تایبەت بە ئافرەتان هەبێت، چونکە ڕاگەیاندن دەتوانێت زۆرترین کار لەسەر بەرەوپێشچوونی پرسەکان بکات، بە بڕوای منیش ڕاگەیاندنی تایبەت بە ئافرەتان دەتوانن هەنگاوی کاریگەر بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی ئافرەتان بنێن. رۆڵی راگەیاندنیش زۆر بەهێزە و ئەوەی راگەیاندنەکان دەتوانن بیکەن، زۆر لەوە زیاترە کە چاوەڕێ دەکرێت، لەبەر ئەوەی توخمێکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتیدا راگەیاندنی بیستراو، بینراو، نووسراو و ئەلەکترۆنییە کە دەتوانێت رۆڵی کارایان هەبێت.» پێداگری لەسەر ئەوەش کرد

کە «پێویستە راگەیاندنەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە خۆیان لە ناوزڕاندنی ئافرەتان و یاریکردن بە هەست و سۆزی خەڵك بەدوور بگرن. پێشنیاری ئەوەشی کرد کە «میدیاکان لە چوارچێوەی کاری خۆیاندا چەمکەکان وەك کوشتن بە بیانووی شەرەف و ئەو جۆرە بابەتانە بە جۆرێك باسی بکەن کە ببێتە هۆی ئەوەی دیاردەکان کەم بکەنەوە، وێنای ژن بە شێوەیەك پیشان بدەن کە کاریگەرییەکی باشی لە چەسپاندنی مافەکانی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی هەبێت، نەك پرسی ئافرەت بخەنە ژێر پرسیار و رەخنەوە، ئەوەی زۆر گرنگە دەزگاکانی راگەیاندن هاوبەشن لەگەڵ چالاکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەوەی پێکەوە کار لەسەر پێشکەوتنی پرسی ئافرەتان بکرێت، بە بەردەوامیش میدیا دەتوانێت زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەبێت، بۆ ئەوەی پرسی ئافرەتان لەناو رای گشتیدا بەشێوەیەکی جوان بجووڵێت و هەمیشە سەرنجی بنیەر بۆ ئەوە رابکێشێت کە کۆمەڵگە بەرەو نوێبوونەوە دەڕوات، واتا رومالکردنێکی پۆزەتیڤی پرسی ژن زۆرهاوکاری ئافرەتان دەکات بۆ چەسپاندنی مافەکانیان و چەسپاندنی پرسی یەکسانیی جێندەری، لە روویەکی دیکەوە پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی پرسەکانی ئافرەتان گرنگیی زیاتر بە لێکنزیکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بدرێت و کار لەسەر ئەوە بکرێت کە سەرجەم دەستەو کۆمەڵەی تایبەتمەندو دیاریکراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان و رۆشنبیران و نوخبەو دەستەبژێری کۆمەڵگە و زانایانی ئایینی پێکەوە کار لەسەر بەرەوپێشبردنی پرسی ئافرەتان بکەن، چونکە نوێبوونەوەی پرسی ئافرەتان پێویستی بە راگۆڕینەوەی گشت چین و توێژەکانە بۆ ئەوەی هەمووان بە یەکەوە بگەنە میتۆدی دیاریکراو بۆ کارکردن و ئاراستەکردنی هەنگاوەکان بە مەبەستی بەرەوپێشچوونی گشت بنەماکان، هۆشیاری گشتیی کۆمەڵایەتیش پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەك هەیە، بەتایبەتی زانایانی بەڕێزی ئایینی کە دەتوانن رۆڵێکی زۆر باش لەم بارەیەوە بگێڕن، کاریگەریشیان لە ئاستێکی بەرزدایە بەسەر کۆمەڵگەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە ئەوەیە کە مامۆستایان و زانایانی ئایینی هەمیشە سەرمەشقی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بوون و بە درێژایی مێژوو توانیویانە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی زۆرباش ئاراستە بکەن. بۆ نموونە مێژووی کورد شانازی بە رۆڵی (مەلا محەمەدی کۆیە) دەکات، کە توانیویەتی هەمیشە کۆمەڵگە بەجۆرێك ئاراستە بکات کە رێز لە ئافرەت بگرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هەمیشە مامۆستایانی ئایینی پێشەنگ

و سەرکەوتوو بوون، بۆیە پێویستە هەماهەنگیی زیاتر لەنێوان یەکێتی زانایانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبێت و تەنانەت پێویستە هەر وۆرکشۆپێکی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان دەکرێت، نوێنەری یەکێتی زانایان و وەزارەتی ئەوقاف بەشداری تێدا بکەن.»

تارا ئەسعەدی مامۆستای زانکۆ و ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە خولی سێیەم، بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی: «من هەموو کاتێك دەڵێم مرۆڤ پێویستە بڕوای بە مرۆڤسالاری هەبێت، نەك ژنسالاری یان پیاوسالاری و جیاکاری. ئەوەشی کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئێمە خۆمان وەك ئافرەت تاچەند هەوڵ دەدەین منداڵەکانمان بە دروستی پەروەردە بکەین بۆ ئەوەی بەهاکانی مرۆڤایەتی بناسن. کۆمەڵگەش دەوری زۆری هەیە لەو بوارەدا، بۆیە تاکو ئێستا مافەکانی ژنان بەو شێوەیە نەبووە کە ژنان دەیانەوێت. لە پەرلەمان حزبەکان زۆر زۆر دەوریان هەیە. ڕاستە هەر حزبەو ڕێژەیەکی لە کورسییەکانی داوەتە ئافرەتان و هەندێك ژن زۆر بە جوانی ئەو مافە بەکاردەهێنێت و کار بۆ ئافرەت دەکات، بەڵام بەداخەوە هەندێك ژن هەن تەنیا جێگایەکیان گرتووە وەك ژن. من هیچ کات ژن تاوانبار ناکەم، بەڵام دەڵێم تاوانبارە بۆ دروستکردنی خۆی و پێشخستنی خۆی، چونکە ماف تا نەسەندرێت، نادرێت. ژن و پیاو دەبێت هەواڵ بدەن پردێك لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەریان دروست بکەن، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و نابێت دژایەتی یەکتر بکەن. پێویستە ژن و پیاو مێشکی خۆیان فراوان بکەن، بۆ نموونە کاتێك کەسێك غەدری لێ دەکرێت، هەردووکیان ئەو غەدر و تاوانە قبووڵ نەکەن، واتە هەردوو ڕەگەز دەبێت پێوەریان قاڵبی مرۆڤایەتی بێت، تاوەکوو سەکەوتوو بن. زۆر ژنانی جیهان وەك (کوندالیزا ڕایس) کە لە منداڵییەوە بە دروستی پەروەردە کراون، خۆیان لە کۆشکی بڕیاری سیاسیدا بینیوەتەوە. لای ئێمە حەپسەخانی نەقیب و چەندانی دی ئەمانە هەموو پەروەردەی دروستی خێزان دروستی کردوون و خۆیانیش هەوڵیان داوە. بۆیە دەبێت ژن خۆیشی هەوڵ بدات. کاتێك لە پەرلەمانی کوردستان بووم لە سەر توندوتیژی خێزانی لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی کارمان کردو سەردانی چەند شوێنێکمان دەکرد بۆ ئەوەی ئەوان لە وتارەکانیان پەیامی دژی توندوتیژییان هەبێت، ئەوەش دەبێت هێشتا کاری لەسەر بکرێت، چونکە مامۆستای ئایینی دەوری زۆرە لە کۆمەڵگەی ئێمە و هەموو لایەك دەبێت کار بۆ ئەوە بکەن کە لەنێوان ژن و کۆمەڵگە و ئایین و زانستدا ئاشتەوایی زیاتر هەبێت.»

